# ڕاپۆرتی کۆڵبەرنیوز لە هەژماری کۆڵبەرانی کوژراو و بریندار لە شەش مانگی سەرەتای ساڵی ٢٠٢٥ی زایینیدا

لە کاتێکدا ئەم ڕاپۆرتە بڵاو دەکەینەوە، کە یەک هەفتە لە ڕاگەیاندنی ئاگربەست نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و حکومەتی ئیسرائیل تێپەڕیوە؛ ڕاگەیاندنی ئاگربەستێکی ناسەقامگیر کە هێشتا ناتوانرێت بە دڵنیاییەوە بگوترێ کە ئایا بەردەوام دەبێت یان نا و نیگەرانی ئەوە بوونی هەیە کە ئاگری شەڕ جارێکی دیکە هەڵگیرسێتەوە. جەنگێکی ١٢ ڕۆژە کە لە ١٢ی ژوئەنی ٢٠٢٥ دەستی پێکرد و لە ٢٤ی ژوئەنی ٢٠٢٥ وەستا، بەڵام ئەوەی لەم ماوە کورتەدا بەسەر خەڵکی ئەو دوو وڵاتەدا سەپێندرا، نە کاتییە و نە تێدەپەڕێ، بەڵکو وەک برینێکی قووڵ لەسەر جەستەی خەڵکی ئێران و ئیسرائیل دەمێنێتەوە.
لەماوەی ئەم جەنگەدا ٢٩ کەس لە ئیسرائیل کوژران و زیاتر لە ٣٣٤٥ کەسیش بریندار بوون؛ لە بەرامبەردا، لە ئێران ١٠٥٤ کەس کوژراون و ٤٤٧٦ کەسیش بریندار بوون. بەڵام لە نێو ئەم ئامارانەدا ئەوەی لەبیر ناکرێت ئەو سەدان ژن و منداڵە بێ دیفاعەیە لە هەردوو دیوی سنوور کە بوونەتە قوربانی کێبڕکێی چەک و هەرێمی و جیۆپۆلیتیکی. لە ئێران هێرشی مووشەکی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە ٢٦ پارێزگادا بڵاوبووەوە، ئینتەرنێت و پەیوەندییە دیجیتاڵییەکان لە بەشێکی بەرفراوانی وڵاتدا بەتەواوی پچڕا و نەخۆشخانە و قوتابخانە و ماڵی نیشتەجێبوون و ژێرخانی گشتی گرنگ کرانە ئامانج و دۆخێک هاتە ئاراوە کە نەک هەر سەربازیکردن بەڵکو سەرکوت و توندوتیژی سیستماتیکی دژ بە خەڵک چڕتر بۆوە.
لە ماوەی ١٢ ڕۆژدا کۆماری ئیسلامی لە چالاکیەکی هاوئاهەنگ لەگەڵ ناوەندە ئیتلاعاتییەکان و ئەمنیەتییەکان، ٨٢٣ کەسی بە تۆمەتی سیخوڕی، هاوکاری لەگەڵ دوژمن، چالاکیی تەبلیغی، هەڵگرتنی چەک، تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی و "پەیوەندی لەگەڵ ڕژیمی سیۆنیستی" دەستبەسەر کرد. ئەزمونی ئێمە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە زۆرجار ئەم تۆمەتانە بەبێ بەڵگە و لەسەر بنەمای دۆسیە دروستکردن دەکرێن و ئامانجیشیان سەرکوتکردنی نەیارەکانە، بەتایبەتی چالاکوانانی کۆمەڵایەتی و کەمینە نەتەوەییەکانە .
لەم پێوەندییەدا دەبێ بە ڕوونی ئەوە بڵێین کە لە ماوەی شەڕدا، کۆڵبەران لە ناوچەی سنووری کوردستان جارێکی دیکە بوونە بابەتی سیناریۆسازیی حکومەت. لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی بە ڕێککەوتنی تەواو لەگەڵ بەرگریکارانی یەکپارچەیی خاکی ئێران، هێرشی پڕوپاگەندەیی و ئەمنییان لە دژی کۆڵبەران ڕێکخست. بە بڵاوکردنەوەی ئیدیعای بێ بنەما وەک گواستنەوەی فڕۆکەی بچووک، گواستنەوەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، ئامێری سیخوڕی و ئامێری سەربازی لە ڕێگەی کۆڵبەرانەوە، بە کردەوە ڕێگەیان بۆ سەرکوتکردنی فراوانتر و کوشتنی سیستماتیکی کۆڵبەران خۆشکرد؛ ئەمانە تۆمەتی هەڵبەستراون کە تاکە مەبەستیان شەرعیەتدان بە توندوتیژیی ڕژیم لە ناوچە سنوورییەکان بە تایبەت لە کوردستانە.
ئەوەی لەماوەی ئەم شەڕەدا لەلایەن دوو ڕژیمی فاشیستییەوە ڕوویدا، بێ گومان کۆنەپەرستانە بوو. کۆماری ئیسلامی ئێران و دەوڵەتی ئیسرائیل دوو دیوی یەک دراون؛ دوو دەسەڵاتی سەربازی-ئەمنی کە لە کێبڕکێیەکدا بۆ کاریگەری و دەسەڵات، ژیانی ملیۆنان کەسیان قوربانی بۆ ئاواتەکانی خۆیان کردووە. ئەم هەڵوێستەمان ئێمە لە کۆڵبەرنیوز لە بەیاننامەیەکدا لە ١٤ی ژۆئەن (٢٤ی جۆزەردان) ڕاگەیاندوو، و بە مانشێتێکی ڕوون بڵاومان کردەوە: "لە ئیدانەکردنی شەڕدا؛ کۆماری ئیسلامی ئێران و ئیسرائیل دوو لایەنی کۆنەپارێزن." لەو بەیاننامەیەدا نووسیمان کۆماری ئیسلامی بە مێژوویەکی پڕ لە سەرکوتی نەتەوەکان و بزووتنەوە کرێکارییەکان و ژنان، بە گەندەڵیی پێکهاتەیی و ناکارامەیی ئابوورییەوە، هیچ شەرعیەتێکی نییە بۆ نوێنەرایەتیکردنی خەڵک. لەلایەکی دیکەوە حکومەتی ئیسرائیل بە داگیرکردنی بەردەوامی خاکی فەلەستین و کوشتنی خەڵکی مەدەنی و پێشێلکردنی بەردەوامی یاسا نێودەوڵەتییەکان، یەکێکە لە هۆکارەکانی ناسەقامگیری و توندوتیژی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. جەنگ نێوان ئەم دوو ڕژیمە نەک هەر نابێتە هۆی ئازادی و دیموکراسی، بەڵکو دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هێزە ئەمنییەکان و زیادبوونی سەرکوتی ناوخۆیی و بڵاوبوونەوەی هەژاری و ماڵوێرانی و کشانەوەی بزووتنەوە جەماوەریەکان لە گۆڕەپانی کۆمەڵایەتی.
لە کوردستان کاریگەرییەکانی ئەم شەڕە نەک تەنیا سەربازی بەڵکو کۆمەڵایەتی و سیاسی و چینایەتی بوون. حکومەت سوودی لە شەڕەکە وەرگرت بۆ چڕکردنەوەی دۆخی ئەمنی و سەرکوتکردنی بزووتنەوە مەدەنی و شۆڕشگێڕییەکانی کوردستان. هاوکات لە میدیاکانی سەر بە دامودەزگاکانی حکومەت، کۆڵبەر و چالاکوانانی کورد بە ناوی "تیرۆریست"، "سیخوڕی ئیسرائیل" و "چەکدار" ناسێنران؛ درۆیەک کە نەک هەر بەرگری لە دامەزراوە ئەمنییەکانی زیاد کرد، بەڵکو

کەشوهەوای دەروونی کۆمەڵگای ئامادە کرد بۆ قبوڵکردنی توندوتیژی زیاتر. روونە کە ئەم ڕەوتە درێژەپێدەری هەمان ئەو سیاسەتەیە کە لە دەیەکانی ڕابردوودا جێبەجێ کراوە: لە کۆمەڵکوژی زیندانیانی سیاسی لە ساڵانی ١٣٦٠ و ١٣٦٧ تا سیاسەتەکانی پاکسازی سنوورەکانی کوردستان و بەلوچستان.

ئێمە بە جەختکردنەوە ڕایدەگەیەنین کە هیچ هێزێکی بیانی و هیچ هاوپەیمانییەکی سەربازی و هیچ سیناریۆیەک لە سەرەوە ناتوانێت ڕزگاری نەتەوە چەوساوەکان و ژنان و چینە چەوساوەکان بهێنێتە ئاراوە. ڕێگای گۆڕانکاری لە خوارەوە، لە ڕێگەی ڕێکخستنی سەربەخۆوە، لە ڕێگەی کرێکاران، خوێندکار، ژنان، کۆڵبەران، بێکاران، و چالاکوانانی ژینگەپارێزەوە تێدەپەڕێت. تەنها دەسەڵاتی خۆمان گەرەنتی ئازادی و یەکسانی دەکات، نەک ئەو حکومەتانەی کە لە پێناو ئیمکانات و بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا ئامادەن ملیۆنان کەس لەناوببەن. هیچ ئاگربەستێک ناتوانێت ئاشتییەکی هەمیشەیی بهێنێتە ئاراوە تا هاوسەنگی تیرۆر لە نێوان زلهێزە کۆنەپەرستەکاندا بەردەوام بێت.

هەروەها شەڕی ئەم دواییە دژایەتییە چینایەتییەکانی لە ئێراندا بە چڕییەکی زیاترەوە ئاشکرا کرد. چینی دەسەڵاتدار لە دامودەزگا سەربازییە ئابورییەکانی وەکوو سوپای پاسداران و بناغەی ستەملێکراوان و دامودەزگا نیمچە دەوڵەتییەکانی دیکە، نەک هەر بەدەست شەڕەکەوە نەناڵێنن، بەڵکو بۆ بێدەنگکردنی نەیاران و سەرکوتکردنی نارەزایەتییەکان و چڕکردنەوەی سانسۆر و دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵاتی زیاتریش، ئیستغلالیان کرد. لەبەرامبەردا کرێکاران، کۆڵبەران، ژنان، گەلانی چەوساوە و گەنجانی بێکار نەک هەر گیانیان بەڵکو بژێوی ژیانیشیان لەدەستدا. کوردستان، بەلوچستان و خوزستان هەرە لاوازترین ناوچەکان بوون .

لە دەق بەیاننامەی کۆڵبەرنیوزدا هاتبوو: ”گۆڕانکاری ڕیشەیی تەنیا کاتێک دەبێت کە لە خەباتی کۆمەڵایەتی ڕێکخراو و ئیرادەی بەکۆمەڵی خەڵک لە خوارەوە بێت”. ئەم ڕوانگەیە، ڕوانگەیەکی سۆسیالیستییە کە پشت بە هۆشیاری چینایەتی و ڕێکخستنی ئاسۆیی جەماوەر دەبەستێت. ئێمە نە بە بەڵێنی زلهێزەکانی جیهان دڵخۆش دەکەین و نە بە چاکسازیی دیکتاتۆرەکانی ڕژیم؛ ئەزموونی خوێناوی دەیەکانی ڕابردوو نیشانی داوە کە ڕزگاربوون لە گرەوی هیچ دەسەڵاتێکدا نییە جگە لە خودی خەڵک.

لە هەلومەرجێکدا کە میدیای فەرمی یان ئینکاری حەقیقەت دەکات یان گێڕانەوەی ئەمنی دروست دەکات، ئەوە ئەرکی ئێمەیە گێڕانەوەی ستەملێکراوان تۆمار بکەین. ئامارەکان، هەرچەندە ڕاگەیەنەری کارەساتن، بەڵام بەبێ گێڕانەوەی مرۆیی و مێژوویی و شیکاری، لە داتایەکی سارد کورت دەکرێنەوە. کەواتە با ئەم ڕاپۆرتە نەک هەر وەک تۆماری ژمارەکان، بەڵکو وەک بەڵگەنامەیەک لە خەبات و ئازار و بەرخۆدانی خەڵک ببینین .

لەم ڕاپۆرتە شەش مانگەیەدا، کۆڵبەرنیوز جگە لە تۆمارکردنی ڕووداوەکان، ئامانجی شیکردنەوەی ڕەوتەکان، شێوازەکانی سەرکوتکردن و قووڵبووکردنی ناکۆکییەکان. ئێمە پێمان وایە کە هێڵی نێوان شەڕی دەرەکی و سەرکوتی ناوخۆیی هەمیشە لە ڕژێمە پاوانخوازەکاندا کاڵ دەبێتەوە. کوشتنی ڕۆژانەی کۆڵبەران و سوختبەران لە کوردستان و بەلوچستان، لەسێدارەدانی زیندانیان، داخستنی ئینتەرنێت، دەستگیرکردنی ئارەزوومەندانە و هەوڵدان بۆ بێدەنگکردنی هەر دەنگێکی سەربەخۆ، بەشێکن لەو پرۆژەیە کە لە بۆردومانی ئیسرائیلەوە دەستپێدەکات بەڵام لە زیندانەکانی ئێڤیب، ڕەجایی شەهر، سنە، ورمێ، و کامیاران بەردەوام دەبێت.

لە کۆتاییدا جارێکی تر جەخت لەوە دەکەینەوە کە جەنگی ئەم دواییە نە ڕووبەڕووبوونەوەی چاک و خراپ بوو، نە خەبات بۆ ئازادی و یەکسانی و دیموکراسی؛ ئەم جەنگە، ململانێیەک بوو لە نێوان دوو سیستەمی کۆنەپەرستانە و سەرمایەداری کە مەیلی ئایینی و سەربازییان هەبوو کە خەڵکی بێ بەرگریان گەیاندە خاک و خوێن و مردن. دەبێ ئەو شەڕە بەهەمان چڕی مەحکوم بکەین کە سەرکوتی ناوخۆیی و ئەشکەنجەدانی زیندانییەکان و ململانێی چینایەتی و ڕەگەزی و نەتەوەیی و کوشتنی کۆڵبەران و سەختبەران مەحکوم دەکەین.


لە دڵی ئەم بارودۆخەشدا، تیشکێکی هیواش بەدی دەکرێت. پێکهێنانی ڕێکخراوە سەربەخۆکان، پەرەسەندنی هاودەنگی نێوان بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و زیادبوونی هۆشیاری گشتی لە سروشتی ڕاستەقینەی هەردوو ڕژێمەکە؛ ئەم پرۆسەیە هەرچەندە خاو بێت، بەڵام حەتمییە. دەسەڵاتی ڕێکخراو و ئاگادارکراوی خەڵک لە کۆتاییدا دەتوانێت کۆت و بەندەکانی دەسەڵات و داگیرکاریی کۆماری ئیسلامی و ئیستغلالکردن بشکێنێت.

## ئاماری کۆکراوە لەلایەن کۆڵبەرنیوزەوە بۆ شەش مانگی سەرەتای ساڵی ٢٠٢٥ی زایینی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

بەپێی ڕاپۆرتی تۆمارکراو لە کۆڵبەرنیوز، لە شەش مانگی سەرەتای ساڵی ٢٠٢٥ی زایینیدا، بە کۆی گشتی ٣٠ کۆڵبەر لە ناوچە سنوورییەکان و ڕێگاکانی نێوان پارێزگاکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، کوردستان و کرماشان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ڕژێم، ڕنوو و سەرما، کەوتنەخوارەوە لە شاخ و بەرزایی و ڕووداوی دیکە کوژران و بریندار بوون.

- لەم ژمارەیە ١٤ کۆڵبەر واتە (٤٧٪) کوژران و ١٦ کۆڵبەر واتە (٥٣٪) برینداربوون.
- لە کۆی گشتی ٣٠ کۆڵبەر کە لە شەش مانگی سەرەتای ساڵی ٢٠٢٥دا کوژراو و بریندار بوون، ٢٢ حاڵەتیان واتە (٧٣٪) بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکانی ڕژیم ئەنجام دراوە.
- لە کۆی گشتی ٣٠ کۆڵبەر کە لە شەش مانگی سەرەتای ساڵی ٢٠٢٥دا کوژراو و بریندار بوون، ٢ کەسیان واتە (٧٪) منداڵانی کۆڵبەری ژێر ١٨ ساڵ بوون کە یەک لەوان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان گیانی لەدەستداوە.
- وێڕای کەمبوونەوەی ٨٩ لەسەدی کۆی گشتی کوژراو و بریندارانی کۆڵبەر لە شەش مانگی سەرەتای ساڵی ٢٠٢٥دا بەراورد بە هەمان مەودا لە ساڵی ٢٠٢٤دا، ڕێژەی کوژراوان بەراورد بە سەرجەمی قوربانیان لە ١٣٪ بۆ ٤٧٪ بەرز بووەتەوە. ئەم گۆڕانکارییە ئاماژەیە بۆ بەرزبوونەوەی ٢٦١ لەسەدی لە ڕێژەی کوژراواندا لە کۆی گشتی قوربانیان و ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە هێرشەکان لە نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٥دا بۆ سەر کۆڵبەران بە ئاستێکی بەرچاو توندوتیژانەتر بووە.


### دۆخی گشتی کۆڵبەرانی کوژراو و بریندار لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٥




| | کۆی گشتی | بریندار | کوژراو |
|---|---|---|---|
| کۆڵبەران | ٣٠ | ١۶ | ١۴ |
| تەقەی ڕاستەوخۆ | ٢٢ | ١۴ | ٨ |
| منداڵانی کۆڵبەر | ٢ | ١ | ١ |


### دۆخی کۆڵبەرانی کوژراو؛ لە کۆی گشتی ١٤ کۆڵبەری کوژراو:

- ٧ کۆڵبەر بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکانی ڕژیم
- ٢ کۆڵبەر بەهۆی مانەوە لەناو بەفروبۆران و سەرمابردوویی
- ٢ کۆڵبەر بەهۆی ڕووداوی هاتووچۆ لە کاتی ڕۆیشتن یان گەڕانەوە لە کۆڵبەری
- ١ کۆڵبەر بەهۆی ئاگرگرتنی ئۆتۆمبێل لە کاتی ڕاونان و تەقەکردن لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ڕژیمەوە لە کاتی ڕۆیشتن یان گەڕانەوە لە کۆڵبەری
- ١ کۆڵبەر بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە سنوورییەکانی عێراق (حەرەس حدوود)
- ١ کۆڵبەر بەهۆی وەستانی دڵ لە کاتی کۆڵبەریدا




***دۆخی کۆڵبەرانی بریندار؛ لە کۆی گشتی ١٦ کۆڵبەری بریندار:***

- ١٣ کۆڵبەر بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکانی ڕژیم
- ٢ کۆڵبەر بەهۆی لێدان و ئەشکەنجە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ڕژیم
- ١ کۆڵبەر بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە سنوورییەکانی عێراق (حەرەس حدوود)



***هەژماری ڕووداوەکانی کۆڵبەری لە شەش مانگی سەرەتای ساڵی ٢٠٢٥ی زایینیدا بە پێی دابەشکاری پارێزگا:***


- لە سنوورەکان و ڕێگاکانی گواستنەوەی پارێزگای کوردستان ١٧ کۆڵبەر واتە (٥٧٪) کوژراو و بریندار بوون.
- لە سنوورەکان و ڕێگاکانی گواستنەوەی پارێزگای کرماشان ٥ کۆڵبەر واتە (١٧٪) کوژراو و بریندار بوون.
- لە سنوورەکان و ڕێگاکانی گواستنەوەی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا ٤ کۆڵبەر واتە (١٣٪) کوژراو و بریندار بوون.
- لە سنوورەکان و ڕێگاکانی گواستنەوەی پارێزگاکانی دیکە ١ کۆڵبەر یان کاسبکار واتە (٣٪) کوژراو و بریندار بوون.
- لە سنوورەکان و ڕێگاکانی گواستنەوەی هەرێمی کوردستان ٣ کۆڵبەر یان کاسبکار واتە (١٠٪) کوژراو و بریندار بوون




### ***ڕووداوەکانی کۆڵبەری لە شەش مانگی سەرەتای ساڵی ٢٠٢٥دا بە پێی دابەشکاری شارەکان:***

- لە نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٥ی زایینیدا لانیکەم لە ١٣ شاری کوردستان و دەرەوەی، ڕووداوی کۆڵبەری ڕویداوە.

ڕووداوەکانی کۆڵبەری لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٥ بە پێی شارەکان



***هەژماری کۆڵبەرانی کوژراو و بریندار لە شەش مانگی سەرەتای ساڵی ٢٠٢٥دا بە پێی مانگەکانی ساڵ:***



***ناو، ڕێکەوت، شوێن و هۆکاری کوژران یان برینداربوونی کۆڵبەران لە شەش مانگی سەرەتای ساڵی ٢٠٢٥دا بە پێی ڕێکەوت بەم شێوەیەی خوارەوەیە:***

♦ ڕەنگی زەرد ئاماژەیە بە منداڵانی کۆڵبەر.

| ریزبەند | ناو و ناسناو | شوێنی لەدایکبوون | ڕێکەوت | شوێنی ڕووداو | هۆکاری کوژران | هۆکاری بریندار بوون |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کاوە سەیدبرایی | سەقز | ١٤٠٣/١٠/١٠ | مەهاباد | ڕاوەدوونان لەلایەن هێزە ئەمنییەکان و ئاگرگرتنی ئۆتۆمبیل | |
| ٢ | ئومید ئەفروزە | بۆکان | ١٤٠٣/١٠/١۶ | سەقز | | تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ٣ | شاهین ڕەسووڵ حەسەن | سەردەشت | ١٤٠٣/١٠/١٨ | سەردەشت | | تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۴ | محەممەد وەیسی | سەقز | ١٤٠٣/١٠/٢٣ | مەریوان | | لێدان و ئەشکەنجە لەلایەن هێزە ئەمنییەکان |
| ۵ | سارۆ وەیسی | سەقز | ١٤٠٣/١١/٠١ | بانە | | تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۶ | جەمال عەزیزی | بانە | ١٤٠٣/١١/٠۴ | بانە | | تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ٧ | مەهیار سەفەری | کامێران | ١٤٠٣/١١/٠٨ | مەریوان | تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان | |
| ٨ | ئەمین حەسەنی | سەوڵاوا | ١٤٠٣/١١/٢١ | هەورامان | سەرما | |
| ٩ | هێژا شیری | سەلاس باوەجانی | ١٤٠٣/١٢/٠١ | نەوسوود | | تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ١٠ | سەعدی خادم | سەقز | ١٤٠٣/١٢/٠٣ | پێنجوێن | ڕووداوی هاتوچۆ | |
| ١١ | ئەحمەد کەریمزادە | بانە | ١٤٠٣/١٢/١٧ | بانە | | تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ١٢ | ئاریان کەرەمی | مەریوان | ١٤٠٣/١٢/٢۴ | مەریوان | | تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ١٣ | سینا ڕۆستەمپوور | بانە | ١٤٠٣/١٢/٣٠ | بانە | تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان | |
| ١۴ | محەممەد حسەینزادە | ورمێ | ١٤٠٤/٠١/٠٩ | ورمێ | تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان | |
| ١۵ | عەکاش تەربییەت | پیرانشار | ١٤٠٤/٠١/١٠ | پیرانشار | سەرما | |
| ١۶ | شەهاب کەریمی | سەلاس باوەجانی | ١٤٠٤/٠١/١١ | نەوسوود | ڕووداوی هاتوچۆ | |
| ١٧ | عومەر مورادی | جوانرۆ | ١٤٠۴/٠١/٢٨ | پاوە | وەستانی دڵ | |
| ١٨ | ئاکۆ ئەلتافی | دیواندەرە | ١٤٠۴/٠٢/٠۶ | تاران | | تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ١٩ | ئاکۆ شەریفی | | ١٤٠۴/٠٢/٠٧ | بانە | | تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ٢٠ | شوانە عەلیپوور | | ١٤٠۴/٠٢/٠٧ | بانە | | تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ٢١ | ئاریز ئاوات ئیسماعیل | هەڵەبجە | ١٤٠۴/٠٢/١٨ | سلێمانی | تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە سنوورییەکانی عێراق (حەرەس حدود) | |
| ٢٢ | ئاوات ئیسماعیل | هەڵەبجە | ١٤٠۴/٠٢/١٨ | سلێمانی | | تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە سنوورییەکانی عێراق (حەرەس حدود) |
| ٢٣ | ئارمان ڕایزەن | مەریوان | ١٤٠۴/٠٢/٢٠ | مەریوان | تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان | |
| ٢۴ | محەممەد ڕەحیمی | پاوە | ٠٤\٠٣\١٤٠٤ | نەوسوود | تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان | |
| ٢۵ | کورۆش مورادی | سەوڵاوا | ٠٦\٠٣\١٤٠٤ | هەورامان | تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ۲۶ | رزگار وەتەندووست | سەوڵاوا | ٠٧\٠٣\١٤٠٤ | هەورامان | | تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۲۷ | مێهران فەتاحی | بانە | ٠٧\٠٣\١٤٠٤ | بانە | | تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۲۸ | ئومید مورادی | مەریوان | ٠٩\٠٣\١٤٠٤ | نەوسوود | | لێدان و ئەشکەنجە لەلایەن هێزە ئەمنییەکان |
| ۲۹ | سەیوان عەبدوڵلازادە | بانە | ۱۴۰۴/۰۴/۰۷ | بانە | تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان | |
| ۳۰ | حسەین | بانە | ۱۴۰۴/۰۴/۰۷ | بانە | | تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |

بۆ دیتنی ڕاپۆرت و هەواڵی زیاتر لە پێوەند بە کۆڵبەران، کرێکاران، ژنان و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان سەردانی ماڵپەڕەکانی کۆڵبەرنیوز بکەن لەم بەستەرانەی خوارەوە:

www.kolbarnews.com ku.kolbarnews.com en.kolbarnews.com